# پەیوەندیەکانی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ ،
# لەڕواڵەت و جەوهەردا ...!

سەروەر کەریم
sarwarkareem@gmail.com

هەرکاتێك بمانەوێت دەربارەی پەیوەندیەکانی هەردوو ڕەگەزی نێرومێ بنوسین ،
دەبێت لایەنی سایکۆلۆژی تاکەکان وکەلتورو ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا لەبەرچاوبگرین .
هەرکۆمەڵگایەك بگریت خاوەندی خەسڵەت و تایبەت مەندی خۆیەتی و پەیوەندیە و پەیوەندیە ئینسانیەکانیش ، لەسەر بنەمای کەلتورو ڕۆشنبیری ، ئەوکۆمەڵگایە بنیات نراوە . بۆ نمونە ئەگەر کۆمەڵگایەکی ئاینیمان هەبێت ، ئەوا پیوەندیەکانیش لەسەر بنەمای ئایینی دەبێت ، ئەوەش لەعەقڵیەتی تاکەکاندا ڕەنگ دەداتەوەو کاری پێدەکەن ، بەمانایەکی تر ئاستی گەشەکردن و بەرەوپێش چونی پەیوەندیەکانیش بەمعیاری ئایین دەپێورێت و مومارەسە دەکرێت. ئەگەر کۆمەڵگایەك لەسەربنەمای ئایین بنیاد نەنرابوو ، ئەوا پەیوەندیەکانیشی ، لەسەر ئەوبنەمایە بیناناکرێت و ڕەنگدانەوەشی نابێت لەسەر تاکەکان . بەهەرحاڵ مەبەستی ئەم نووسینە زیاتر هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ ، لەکۆمەڵگای کوردی دا و گەیشتن بەدوالیزم ، لەکەسێتی دا . کۆمەڵگای کوردی ، کۆمەڵگایەکی ئایینی خێڵەکی پیاوسالاریە و ئەویەکانەش بەتوندی لەعەقڵیەتی تاکەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو مومارەسەی دەکەن . لەکۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا ، دووهۆکار بەقورسی کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی تاکەکان داناوە ، ئەو دوو هۆکارەش ( گومان ، ترس ) ە ، ئەو دوو هۆکارەش تاکی دوالیزمی بەرهەم هێناوە ، بۆیە دەبینین پەیوەندیە ئینسانیەکان بەوشێوە دوالیزمە بەڕێوەدەچێت . هەرکاتێك تاك دووچاری ڕاچەنین دەبێت ، بەومانایەی بەر حەقیقەت دەکەوێت ، ئەوەی نەستی ئاشکرادەبێت ، کە ئەوبۆساتێك نەیتوانیوە تاکێکی کارابێت و خاوەنی ئیرادەو بیرکردنەوەی خۆی بێت و خۆی ڕزگار کردبێت لەدوالیزمی کەسێتی ( گومان ، ترس ) ، بۆیە هەمیشە لەحاڵەتی ڕاڕایی دا دەژی و ناتوانێت حەقیقەتی نەستی خۆی بناسێت . کاتێکیش هاوڕێیەتی ، یان هاوسەرگیری دەکات ، تەنها ڕەچاوی بەرژەوەندیە تاکیەکانی خۆی دەکات ، کەبەرژەوەنیەکەی کۆتایی هات دەست بەرداری هاوڕیەتی ، هاوسەرگیری دەبێت و ، پەنا بۆکەسێکی ترو بەرژەوەندیەکی تر دەبات ، ئەم حاڵەتە لەکۆمەڵگای کوردیدا پانتاییەکی زۆری داگیر کردوەو تاکەکان بەو عەقڵیەتەوە دەچنە

پرۆسەی هاوڕێیەتی ، یان هاوسەرگیری ، کەبەبڕوای من ئەوە هەڵقوڵاوی ئەو گومان و ترسەیە ، کەسایکۆلۆژیەتی تاکەکانی داگیرکردوەو بەردەوام ناخیان دەخوات و ناتوانن دەست بەرداری بن ... دروست بوونی هەستی ئەنانیەت لەناخی تاکەکاندا ، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ، کەتاکی کوردی ، تاکێکە بەبێ جیاوازی ڕەگەزی لەحاڵەتی فعل دانی یە ، بەڵکو لەحاڵەتی ڕەد فعل دایە ، بەمەش لەکەسێکی کاراوە ، دەبێتە کەسێکی کار لەسەر کراوی دوالیزمی . ئەو دوالیزمێتی یە لەتاکی کوردی دا بەتەواوەتی بەرجەستە بووە . تاکی کوردی ، تاکێکی ئەنانیەو بەردەوام کاربۆئەوەدەکات ، لەڕێگەی خەڵکەوە خواستەکانی بەدەست دەهێنێت . هاوڕێیەتی لەلای ئەو جۆرە مرۆڤانە بۆبەرژەوەندیە ، تائەوکاتەی بەرژەوەندی هەبێت ، چەندین چیرۆك دروست دەکات ، لەبارەی هاوڕییەتی و پێکەوەبوون و پیرۆزی ئەو پڕوسەیە ، تاخواستە کانی تێر دەبێت ، کاتێك خواستەکانی تێر دەبێت ، دەکەوێتە دروست کردنی چیرۆکی جۆراو جۆر ، بۆ پچڕاندنی ئەو هاوڕیەتی یەو دورکەوتنەوە ، چونکە ئەو تاکە بەرژەوەندی کەوتوەتە لای کەسێکی تر ... ئیدی هاوڕێ کۆنەکەی لێ دەبێت بەدوژمن و ڕەنگە هەوڵبدات چیرۆکی ناشرین دەربارەی ڕێك بخات ... لەکاتێك دا ئەوتاکە نازانێت گرفت لەبوونی پەیوەندی هاوڕێ یەتیدا نی یە ، بەڵکو ئەوە خودی خۆیەتی لەدوالیزمی کەسێتی دا دەژی و ناتوانێت دەست بەرداری ناخی نەخۆشی ببێت و بگاتە حەقیقەت و واز لە گومان و ترس بهێنێت ، کە گومان و ترس سەرچاوەی سەرەکی ڕاڕایی و ئەنانیەتی ئەون ... تائەو جێگایەی لەو حاڵەتە ڕزگاری نەبێت ناتوانێت خاوەنی دەرونێکی تەندروست بێت و ڕزگاری بێت لەحاڵەتی ڕەد فعل ، بەڵکو تەنها دەتوانێت هاوڕێکان بگۆڕێت لەمەوە بۆ ئەوی تر ، سەرئەنجام ناگات بەوەی دەرونی داوای دەکات ، چونکە ئەو لەڕوانگەی ئەنانیەت و بەرژەوەندیەوە بۆسەرجەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئینسانیەکان دەڕوانێت و ، وەك مۆدیلێك سەیری دەکات ، بۆیە دەبێت بیانگۆڕێت ، پیێ وایە بەگۆڕین ئاسودە دەبێت . بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو ناتوانێت بوونی خۆی هەبێت ، کاتێکیش ئینسان نەتوانێت بوونی خۆی

بسەلمێنێ ، ئەوا تاکێکی ڕاڕاو بێ ئاسۆ دەبێت بەژیان .

سلێمانی

2009/11/1